هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 51

سالی/ 2009 – بەرگی پەنجاویەك

چاپی یەکەم/ سالی 2009

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/1/21 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/2/11 ل49

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/2/12 ل99

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/3/2 ل165

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/10 ل181

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/3/25 ل191

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/31 ل255

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/4/6 ل281

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/4/14 ل297

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/4/15 ل359

أ-دەستەی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی هەیە چارەسەری هەر ناکۆکییەك بکات کە لەکاتی ئامادەکاری و جێبەجێ کردنی پرۆژەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان سەر هەڵدەدات.

ب-دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان دەستەییێك لە سێ دادوەر پێك دەهێنێت و دەسەڵاتی پێدەدات سەیری ئەو تاوانانە بکات کە لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەوە حەواڵەی دەکرێت، یان لەلایەن ئەو کەس و لایەنانەوە کە ڕاستەوخۆ تووشی زیان بوون لە دەرئەنجامی بڕیارەکانی دەستە.

4-پێشنیار دەکەین یاساکە ماف بداتە ئەو هاووڵاتییانەی کە عێراقین دانیشتووی کوردستانن لە بنەڕەتدا، و ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن.

5-پێشنیار دەکەین کە یاساکە ڕێگابدات بە گشت دەنگدەرانی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش وسوپا و پاسەوانی هەرێم وکارمەندان و خزمەتگوزارانی نەخۆشخانەکان و بەندیخانەکان، پێش ڕۆژی هەڵبژاردن دەنگی خۆیان بدەن، هیوادارین بتوانن بە زووترین کات چاو بخشێنن بەو پێشنیارانەدا، تاوەکو ئامادەسازییەکانمان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەم چەند مانگەی داهاتوودا تەگەرەی تێنەکەوێت و سەرکەوتوو بێت.

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق**

**22 -2-2009**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە زمانی عەرەبیش بیخوێنەوە زەحمەت نەبێ، نیە؟ باشە وامزانی بە زمانی عەرەبیش هەیە، بەهەرحال ئەم بڕیارەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە تێبینی کردووە لەسەر هەموارکردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان چەند خاڵێکی گرنگە کە دەبێ باسی لێبکرێ و تاوتوێی لەسەر بکرێت، من ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەمەوە، لەو چەند ڕۆژەی ڕابردووشدا باسمان کرد، یەك شتتان پێ بڵێم کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، یەك لە مەسەلەکان کە چاوەڕوان دەکات، ئەم هەموارکردنەیە ئەو بڕیارەیە، کەدەبێ بە پوختەیی لای بێت، لەگەڵێشیان دانیشتووین و، پەسەند کردنی ئەوەو بڕگەکەی دووەمی بەرنامەی کاریشمان موناقەشە کردن و بڕیار دان لەسەری پێویست دەکات پەلەی لێبکرێ، بەڵام دەبێ دیراسەت بکرێ، لەبەر ئەوەی بابەتی گرنگن پێویست بە ڕاوێژ دەکات هەریەك لە ئێوە بۆ خۆی دیراسەتی بکات و تێی بگات، چونکە زۆر شت دێتە پێشەوە، پێویستە ئاگاداری تەفسیلاتت هەبێ ، بۆ نموونە کاتێ کە دەڵێ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە بەغدا یاخود ئەو هەیئەتە دەبێ ئەو ئەندام پەرلەمانە کە دەیەوێ بڕیار لەوە بدات ،دەبێ باش بزانێت لە ڕووی دەستوورییەوە، لە ڕووی واقعییەوە، ئەو هەیئەتە یەعنی چی؟ تەفسیلاتی بزانێت، ئینجا ڕەئی خۆی لەسەر بدات و دەنگی لەسەربدات، من داوا دەکەم لەو چەند ڕۆژەی داهاتوودا ئەو بابەتانە بەدیراسەت و تێگەیشتنەوە باسی لێبکەن، مومکینە پێویست بکات فراکسیۆنەکان لە نێوان

**خۆياندا موناقەشەی لەسەر بکەن و بیورِا لەسەری وەرگرن، ئینجا لێرە برِیاری لەسەر بدەین، هەروەها بە نیسبەت هەندێ خاڵی تر کە لە برِیاری بەرِێز سەرۆکی هەرێم هاتووە، ئەویش دەبێ وەکو حەقێکە مەسەلەی دەنگدانی هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە لە هین دا باس نەکراوە ،لەبەر ئەوە باس نەکراوە، چونکە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق پێی وایە ئەو هەڵبژاردنە گشتییە تەنها بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانییە، با بڵێین هەموو عیراق دەگرێتەوە، هەڵبژاردنەکانی تر پێیان وایە ناوچەییە، پێویست ناکات لەگەڵ ئەوان بکرێت، بۆیە پێم وایە حەقێکە وەکو حەق کە ئەوە بەندە بە برِیاری کۆمسیۆنی باڵاوە، ئەوانەی کە لەو مە سەلەدا مەسئولن، مەسەلەیەکی گرنگە، تکام وایە بە هەندی وەربگرن، دیارە کە خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار دەخوێنینەوە ،ئینجا هەندێ قسەم هەیە لەسەری کە رەبتی بە خاڵی یەکەمیش هەیە، بۆیە قسەکانم دوادەخەم تاوەکو بەرِێزان ئەندامانی لیژنە خاڵی دووەم لەبەرنامەی کار کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستانی ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئێستا داوا دەکەین باسی لەسەر بکەن، کاك طارق فەرموو.**

**بەرِێز طارق سعید جامباز:**

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی هەموارکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای هەرێمی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو.**

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی 22 لە یاساکەدا هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە :**

1 - **هەر حیزب یان کۆمەڵێك بۆی هەیە لیستی پاڵێوراوەکانی خۆی پێشکەش بکات ،بە مەرجێك رِێژەیەکی لە ئافرەتان تیابێ کە لە 30٪ کەمتر نەبێ .**

2 - **پاڵاوتن بە پێی سیستەمی لیستی کراوە دەبێت .**

3 - **پێویستە ژمارەی پاڵێوراوان لەهەر لیستێك لە 3 کەمتر نەبێ .**

**ماددەی دووەم:**

**برِگەی (1) لە ماددەی 29 هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە :**

**هەڵبژێر مافی ئەوەی هەیە دەنگ بدات بە لیستە کراوەکە یاخود بە یەکێك لە پاڵێوراوەکانی لیستە کراوەکە .**

**ماددەی سێیەم**

**ماددەی 36 هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:**

1 - دەنگە ڕاستەکان کە لیستە کراوەکە بە دەستی هێناون بەسەر دابەشکەری هەڵبژاردن دابەش دەکرێ بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی کورسییەکان کە موستەحەقێتی .

2 - دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر پاڵێوراوانی لیستەکەوە لەسەر بنچینەی ژمارەی دەنگەکانی کە هەر پاڵێوراوێك بە دەستی هێناوە لە سەرکەوتووی یەکەم و دووەمەوە دەست پێدەکات و بەم پێیەش بۆ پاڵێوراوەکانی تریش پەیرەو دەکرێت.

3 - ئەو دەنگانەی کە لیستەکە وەریگرتووە بە پێی بڕگەی (2)ی سەرەوە دابەش دەکرێت .

4 - کورسی چۆڵ بەسەر بەهێزترین ئەوەی ماوەتەوە دابەش دەکرێ .

5 - ئەم هەموارکردنە بە شێوەیێکی سلبی کار ناکاتە سەر ڕێژەی 30٪ ئافرەت و، بەڵگەش بۆ ئەمە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکان و پارێزگاکانی عیراقە.

**ماددەی چوارەم:**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت، گەر لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.**

**ماددەی پێنجەم:**

**پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی شەشەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ، لەرۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلاّو دەکرێتەوە، ئەوانەی ئیمزایان لەسەر پرۆژەکە کردووە:**

1 - صبریە غفار أمین

2 - عثمان أحمد محمد أمین

3 - أنور محمد غفور

4 - تاڤگە محمد علی

5 - سارا خدر پیرۆت

6 - حسن بابكر حمد

7 - عثمان بانی مارانی

8 - گێلاس محی الدین محمد غریب

9 - عبد الرحمن أحمد

10 - د. نوری تاڵەبانی

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، بەهەمان شێوە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەم ، بەلاّم من خۆم تێبینییەکم هەیە، خۆی ئەوە دەبوایە یەك ماددە بێت، چونکە ئێوە داوا دەکەن سیستەمی هەڵبژاردن بگۆڕێت لەداخراو بۆ کراوە، بۆیە داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی کە ئەوە ڕەچاو بکەن، پێش**